**بانکی پرسیار:**

وانە: تیۆرییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی
قۆناغی سێیەم- سمیستەری یەکەم
بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەت گشتی
زانکۆی سەڵاحەدین- هەولێر
٢٠٢٣-٢٠٢٢

1. **باس لە مێژوو و پەرەسەندنی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش بکە؟**
2. **لێکۆڵینەوەکانی ستراتیژیەت لە دوای جەنگی سارد ڕووبەڕووی پرسیار و کێشەی زۆر بۆوە، ئەو کێشانە چی بوون؟**
3. **لە سەردەمی جەنگی ساردد لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش لە میانەی چەند گریمانەیەکدا جێگیر ببوو، ئاماژەیان پێ بکە؟**
4. **پاش سەردەمی جەنگی ساردد چەند دیبەیتێکی نوێ سەریهەڵدا سەبارەت بە لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش، ئەو گوتوبێژە نوێیانە لە سێ ڕەهەندی جیاوازەوە سەرچاوەیان گرتبوو، باسیان بکە؟**
5. **پاش سەردەمی جەنگی ساردد مشت و مڕی ئەوە لە ئارادا بوو کە تیۆرە باوەکانی ئاسایش ئیسنۆسێنتریکن (ethnocentric) ئەمە مانای جییە؟**
6. **سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش لە دوای جەنگی ساردد بووە هۆی سەرهەڵدانی جێگرەوە و ڕێبازی جیاوازیش بۆ ئاسایش، کە جەختیان لەسەر بابەتی بەرهەڕەشەی جیاواز دەکردەوە، ئەمە شرۆڤە بکە؟**
7. **یەکێک لە گرینگترین خەسڵەتەکانی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش ئاسایش لە دوای جەنگی ساردد بریتی بوو لە خوێندنەوەی ئاسایش لەژێر ڕۆشنایی گۆڕانکارییەکانی سەردەمی بەجیهانیبوون (globalization)، زیاتر وردی بکەوە و قسەی لەسەر بکە؟**
8. **ڕەخنەگران پێیانوایە کە یەکێک لە کێشەکانی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش ئەوەیە کە تاڕادەیەکی زۆر تەنها گوزراشتە لە ئاسایش و نائاسایشی ڕۆژئاوا، مەبەستی ئەم ڕەخنەگرانە چییە و ڕەخنەکایان لەسەر چ بنەمایەک دارێژراوە؟**
9. **زۆرجار لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش ڕووبەڕووی ڕەخنەی ئەوە دەبێتەوە کە ڕەهەندی سۆشیۆلۆجی، مێژووی ئاسایش و پراکتیزەکانی ئاسایشیان پشت گوێ خستووە، مەبەستی ئەم ڕەخنەگرانە روون بکەوە؟**
10. **پەیوەندییەکانی ئاسایشی لە سەردەمی ئێستادا بریتییە لە گوزارشتکردن لە دژ بە یەکی و ناکۆکییەکانی نێوان لۆژیکە کۆنەکانی ئاسایش و بابەت و کێشە نوێیەکانی ئاسایش، ئەم ئەرگیۆمەنتە زیاتر روون بکەوە؟**
11. **واتا و چەمکی ئاسایش چی دەگەیەنێت؟ قسەی لەسەر بکە؟**
12. **باری بۆزان چۆن پێناسەی ئاسایش دەکات؟**

13. چەمکی ئاسایش بەردەوام وەکو چەمکێکی پۆزەتیف سەیرنەکراوە. ئەم ڕەستەیە روون بکەوە و باسی بکە بۆ؟
14. ئاسایش زۆرجار، بە تایبەت لە لای ریالیستەکان، وەکو هاوواتای 'هێز' سەیردەکرێت. ئەمە شرۆڤە بکە؟
15. کین بۆتس بەچ شێوەیەک پێناسەی ئاسایش دەکات؟
16. لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش پێویستە وەکوو بوارێکی لێکۆڵینەوە و گەڕان لە دەور و چێوەی چەند پرسیارێکی جەوهەریدا بخوێندرێت؛ ئەو پرسیارانە کامانەن؟
١٧. دەیڤید باڵدوین، پەنجە دەخاتە سەر هەفت پرسیاری بنەڕەتی لە کاتی دەست بردن بۆ پرسەکانی ئاسایش و شیکردنەوەیان، کە دواجار ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش بەبڕوای دەیڤید باڵدوین دەبێت پێک بهێنن لە جی؟
18. تیۆریزانە ڕەخنەگرەکان، پرسیاری سەرەکییان سەبارەت بە ئاسایش چییە؟
19. باری بۆزان و لێن هانس (٢٠٠٩: ١٠-١٣) پێیان وایە هەر لە چلەکانی سەدەی رابردووەوە بە شێوەیەکی ئاشکرا و نائاشکرا گوتوێژەکانی نێو لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش لە دەوری چوار پرسیاری سەرەکی کۆببوونەوە، ئەم پرسیارانە کامانەن؟
20. ئاسایشی نیشتیمانی وڵاتێک ڕەنگە ببێتە نائاسایشی وڵاتێکی دیکە، هەڕەشەیەکی دیاریکراو لەسەر نەتەوەیەک ڕەنگە ببێتە دەرفەتێک بۆ نەتەوەیەکی دیکە. ئەم گوتارە شرۆڤە بکە؟
21. کاتێک یەکێک بڕیاری ئەوە دەدات مانای ئاسایش چییە و مەبەست لە ئاسایشی کێیە، زۆر گرنگە پرسیاری ئەوە بکرێت چی شتێک دەبێتە هۆی بە هەڕەشە ناساندنی پرسێک لەسەر لایەنێکی دیاریکراو، مەبەست لەم ڕەستەیە چییە؟
22. لە راستیدا، تێگەیشتن لە پرسێکی ئاسایش پێویستی بە تێگەیشتن دەبێت لەگەڵ ئەو پڕۆسەیەی کە تیایدا سەرچاوە و هۆکارەکانی هەڕەشەکان و نائاسایشییەکانی (insecurities) بەرجەستە بووە. ئەمە زیاتر ڕوون بکەوە کە مەبەست لەمە چییە؟
23. کلاسیکبوون و هاوچەرخبوون لە لێکۆڵینەوەکانی ئاسایشدا زیاتر پەیوەندیی بە چۆنیەتی بینینی ئاسایشەوە هەیەو نەوەک هەموو جار بە کات و زەمەنەوە. ئەم روانگەیەوە روون بکەوە؟
24. بەبڕوای باری بۆزان گرنگترین پرسیار کە لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش هەوڵی وەڵامدانەوەی بۆدەدات بریتییە لە پرسیاری ئەوەی ئاسایشی کێ دەبێت بپارێزرێت؟ ئەم روانگەیەی بۆزان شی بکەوە؟

25. چۆن ئاسایش دەستەبەر دەکرێت؟ روانگەی ستیڤان واڵت و باری بۆزان لەم بارەیەوە بخەروو؟
26. بەرژەوەندی نەتەوەیی و ئاسایشی نەتەوەیی چۆن و بەچ شێوازێک پەیوەندنیان بە یەکەوە هەیە؟ ئەم پەیوەندییە باس بکە.
27. بەرژەوەندییەکان بە شێوەیەکی گشتی بەسەر سێ چەشن پۆلین دەکرێن؟ ئەم چەشنانە کامانەن؟
28. ئەم رەستەیە پڕ بکەوە: "کێنت والتز"(Kenneth N. Waltz) پێیوایە کە بەرژەوەندی نەتەوەیی بریتییە لە:
29. هەڕەشەکانی ئاسایشی نەتەوەیی کامانەن و چۆن پۆلینیان دەکەیت؟
30. چ پەیوەندییەک لەنێوان ستراتیژی و ئاسایشی نەتەوەیی دا هەیە؟
31. ستراتیژی پێناسە و پاشان چەمکی ستراتیژی روون بکەوە بکە؟
32. کەسانێك وەکو "ستڤان والت"(Stephan Walt) و "ریچارد بیتس"(Richard Betts) لایەنگری ئەو ڕوانگەیەن کە جیاوازی لە نێوان ستراتیژی و ئاسایشدا نییە؟ روانگەیان شرۆڤە بکە؟
33. "باری بۆزان"، بە جیاکردنەوەی خوێندنەوەی ئاسایشی لە خوێندنەوەی ستراتیژی توانی ڕوانگەیەکی نوێ بۆ ستراتیژی بکاتەوە، باسی بکە؟
34. هێز و ئاسایشی نەتەوەیی ج پەیوەندیی و جیاوازییەکیان لەگەڵ یەکتری هەیە؟
35. دەکرێت بڵێین پەیوەندی نێوان هێزی سیاسی و ئاسایشی نەتەوەیی لەو بابەتە گرنگانەیە کە پەیوەستە بە سەرچاوەی ئاسایش( Referent Object for Security)، ئەمە روون بکەوە؟
36. پاش کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی لە ساڵی ١٩٤٥، هەوڵەکان بۆ گەیشتن بە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بوو بە تەوەری سەرەکی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. ئەمە چۆن و بۆ روویدا و هاتە ئاراوە؟
37. کۆمەڵناسانێك وەکو "ئۆگۆست کۆنت ١٧٩٨-١٨٥٧"( Auguste Comte) و "سان سیمۆن ١٧٦٠-١٨٢٥"(Saint Simon) قوتابخانەی ئەزموونگەراییان(praxeology or Empirical) بەناوی "پۆزێتیڤیزم"(positivism) دامەزراند، باسی ئەم قوتابخانەیە بکە؟
38. لە ڕیالیزم، نیۆریالیزم، نیۆلیبرالیزم و دامەزراوەگەرایی نوێدا، دەوڵەت وەکو سەرچاوەیەك دەزانن کە پێویستە ئاسایشی دەستەبەر بکرێت. بۆیە لێرەوە دوو ڕوانگەی سەرەکی لە ئارادایە. ئەم دوو روانگەیە چین؟
39. لەلای پۆزێتیڤیستەکان سەرچاوەی ئاسایش دەوڵەت و نەتەوەیە، ئەمە بە چ مانایەکە؟
40. دەتوانین بنەما و بیروڕای پۆزێتیڤیستەکان بۆ ئاسایشی نەتەوەیی بەسەر دوو ڕوانگەی نەریتی و مۆدێرندا پۆلین و دابەشبکەین، باسیان بکە؟

41. ئەم ڕستەیە ڕوون بکەوە: (ڕیالیستەکان لەسەر ڕەهەندی عەینی ئاسایش پێداگری دەکەن).
42. درێژە بەم ڕستەیە بدە: ئەگەر لە ڕوانگەی ڕیالیزم دا دەوڵەتان بە دوای دەستپێڕاگەیشتن بە زۆرترین ئاست و ڕێژەی هێزن، بەڵام لە ڕوانگەی نیۆریالیستیدا دەوڵەتان بەدوای.....
43. پۆزەتیڤیزم لە تەواوی کاری ئەزموونگەراکان (behaviouralists) ڕەنگی دەداوەتەوە. هەروەها زۆربەی ریالیست و لیبراڵەکانی بواری ئاسایش پۆزەتیڤیستن. ئەمە چ واتایەک دەگەێنێت؟ باسی بکە.
٤٤. پۆزەتیڤیزم بەشێوەیەکی سەرەکی چوار گریمانە لە خۆ دەگرێت، ئەم گریمانانە بیانخەروو.
45. پەیوەندی نێوان ریالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی چییە؟
46. لە ڕوانگەی ڕیالیزمی کلاسیکدا، لەبەر سروشتی خۆویست و شەڕانگێزی مرۆڤ، وڵاتەکان بەردەوام لە هەوڵی ململانێی بەدەستهێنانی هێزدان. ئەم پرسە روون بکەوە.
47. ئەکتەری سەرەکی جیهانی سیاسەت لای ریالیستەکان *دەوڵەتە*. بۆچی و چۆن؟ روونی بکەوە.
48. کارلێکەکانی نێوان وڵاتەکان لە سیستەمی نێونەتەوییدا وەکو سیاسەتی هێز (power politics) و ململانێ لەپێناو هێز پێناسە دەکرێت. هەڵسەنگاندن بۆ ئەم ئەرگیۆمێنتەی ریالیستەکان بکە؟
49. روانینی رەشبینانەی ریالیستەکان لەسەر سروشتی مرۆڤ، ریالیستەکانی گەیاندە کام دەرەنجام؟
٥٠. هانس مۆرگنتاو باس لە دەوڵەتداری دەکات و ئاماژە بەوە دەدات پیادەی سیاسەت دەبێت هاوڕێ بێت لەگەڵ شەش بنەمای سیاسی ریالیزم. ئەوانیش بریتین لە چی؟
51. بیرۆکەی پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەیی لە سیاسەتی دەرەوە ببووە یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی ریالیستەکان و گەشەکردنی تیۆری ریالیزم لە ساڵەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم. قسەی زیاتری لەسەر بکە؟
52. نائامادەیی 'ئاکار' لە گریمانە ریالیستەکانی بەرژەوەندی نەتەوەیی، ریالیستەکانی رووبەڕووی رەخنەی زۆر کردەوە، باسی بکە؟
53. کیشەی دووسەرەی ئاسایش یاخود دایلەمای ئاسایشی، لە ڕوانگەی ریالیستەکان، دەکرێت لە ڕێگای باوەڕبوون و کارکردن بە '*هاوسەنگی هێز*' کەمبکرێتەوە. ئەمە بە چ شێوەیەک بەرگری لێدەکەن؟
54. بنەماکانی نیۆریالیزم(ریالیزمی پێکهاتەیی-بونیادی-ساختاری) و پەیوەندی لەگەڵ ئاسایشی نەتەوەیی بخەروو؟

55. پرسیاری سەرەکی لە لای نیوریالیستەکان بریتییە لەوەی چۆن وڵاتەکان دەتوانن ئاسایشی خۆیان بپارێزن لە نێو خودی ژینگەیەکی ئەنارکی، وە لە نائامادەیی هیچ دەسەڵاتێکی سێنتراڵ و باڵا. شرۆڤەی زیاتری بکە؟

56. کینز واڵتز (١٩٧٩) پێیوایە وڵاتەکان بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆیان دوو بژاردەیان لەبەردەمدا دەبێت، ئەم دوو بژاردەیە کامانەن؟

٥٧. لە روانگەی جۆن مێرشایمەردا بنەما سەرەکییەکانی نیوریالیزم بریتین لە چی؟

58. یەکێکی دیکە لە روانینە هەرە دیارەکانی نیوریالیزم سەبارەت بە ئاسایشی نێونەتەوەیی پەیوەندی هەیە بە گرینگی نەدان بە رۆڵی رێکخراو و دامەزراوە نێونەتەوەییەکان. بۆچی؟

59. زۆرجار دیبەیت یاخود گوتوبێژی نێوان نیوریالیستەکان لەگەڵ نیولیبڕالەکان (بڕوانە باسی دووەمی ئەو بابەتە) بە گوتوبێژی نێوان ئەوانەی پێیانوایە وڵاتەکان بە دوای قازانجە رێژەییەکانەوەن (relative gains)، لەگەڵ ئەوانەی پێیانوایە وڵاتان بەدوای قازانجە رەهاکانن (absolute gains)، دەناسرێتەوە، باسی بکە؟

60. گوتوبێژی نێوان ریالیزمی بەرگریکردن (defensive realism) و ریالیزمی هێرشکردنە (offensive realism)، بخەروو؟

61. سێ خاڵی جیاواز لە نێوان ریالیزمی بەرگریکردن لەگەڵ نیوریالیزمدا هەیە، ئەو خاڵانە کامانەن؟

62. ستیڤان واڵت کە یەکێکە لە دیارترین ریالیستە بەرگریکارەکان پێیوایە لە دۆخی ئەنارکیدا وڵاتان چی دەکەن؟

63. گوتوبێژێکی ریالیزمی بەرگریکردن پەیوەندی بە بەها و ئەرک و نرخی بوون بە هەژموون (hegemon) هەیە. ئەمە روون بکەوە؟

64. ریالیزمی بەرگریکردن رووبەڕووی رەخنەی پشت گوێخستنی رۆڵی فاکتەرە ناوەخۆییەکان لە شیکردنەوەی رەفتاری وڵاتان دەبێتەوە، ئەم رەخنانە چین؟

65. ریالیزمی هێرشکردن" نارازین لەگەڵ گریمانەکانی "ریالیزمی بەرگریکردن"، ئەو گریمانانەی ریالیزمی هێرشبردن کامانەن؟

66. رەخنەکان لە تیۆری نیۆریالیزم لە بواری ئاسایشی نەتەوەیی چین، باسیان بکە؟

67. بە وتارێکی زانستی باس لە پەیوەندی نێوان لیبرالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی بکە؟

68. لیبڕالیزم پارادایمێکی دیاری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانە. باس لە بنەماکانی لیبڕالیزم بکە؟

69. لیبڕاڵەکان و ریالیستەکان ماتریالیست و راشناڵیستن، بەڵام جیاوازی و ناکۆکیان پێکەوە هەیە؟ باس لە هاوبەشی و ناکۆکییەکانیان بکە؟
70. لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە لیبڕاڵەکان زۆر بەهێز هاتنە نێو جیهانی سیاسەتەوە. ئامانجی سەرەکی لیبڕاکان چی بوو؟
71. بیرۆکەی کۆتایی پێهێنان بە جەنگە جیهانییەکان و هەوڵدان بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی جیهانی، لیبڕالەکانی لەو ماوەیەدا بە سەر سێ گرووپی جیاوازدا دابەش کرد. روانگەی ئەم سە گروپە باس بکە؟
72. پاش جەنگی یەکەمی جیهانی، لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵانەی لیبڕالەکان، لیبڕالیزم شکستی هێنا لە رێگەگرتن لە بەرپابوونی جەنگێکی جیهانی دیکە. بۆ چی شکستیان هێنا؟
73. ئەم رستەیە درێژە پێبدە و پری بکەوە: لیبڕالیزم لە تیۆرەکانی دیکە جیادەکرێتەوە بە هۆی تێڕوانینە گەشبینییەکانی........
74. لیبڕاڵەکان جەخت دەکەنە سەر پڕەنسیپە ئاکاری و دامەزراوەییەکان لە جێگەی هەوڵدانێکی رووتی هێز و توانا سەربازییەکان. ئەمە روون بکەوە؟
75. لیبڕالیزم باوەڕی بە عەقڵ، بەڵگەکاری و ئیمکانیەتی بەرەوپێشچوون (progress) هەیە، ئەمە بە واتای چییە؟
76. لیبڕالیزم لە رێگای جەخت کردن لەسەر بازرگانی ئازاد دەیەوێت زۆرێک لە ئامانجەکانی بە تایبەت ئاشتی جیهانی دەستەبەر بکات. چۆن و بە چ شێوەیەک؟ باسی بکە؟
77. بەتەنها هەبوونی بازرگانی ئازاد و پشت بەیەک بەستنی ئابووری لە نێوان وڵاتەکان نابێتە هۆی دابینکردنی ئاشتی و ئاسایش لە نێوانیاندا. ئەو پەیوەندییانە پێویستیان بە سیستەمێک دەبێت بۆ تەواوکردنی هاوکێشەی بازرگانی ئازاد/ئاشتی، وە ئەو سیستەمەش، لای لیبڕاڵەکان 'سیستەمی دیموکراسیە'. باسی گرنگی و کاریگەری دیموکراسی لە روانگەی لیبڕالەکان بکە بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی و ئاسایش؟
78. مایکل دۆیل و بروس رۆسێت ئاماژە بەوە دەکەن دیموکراسییەکان ناوازەن لە توانا و خواستیان بۆ دامەزراندنی پەیوەندییە ئاشتیانەییەکان لە نێوان خۆیاندا. باسی بیرەکەکانیان لەم بارەیەوە بکە؟
79. بیرۆکەی 'دەستتێوەردانی مرۆیی' بەستراوەتەوە بە بنەمایەکی دیکەی لیبڕاڵەکان، ئەو بنەمایە جییە؟ باسی بکە؟
80. شەپۆڵی دووەمی لیبڕالیزم دەگەڕێتەوە بۆ هەفتاکانی سەدەی رابردوو. وەکو کاردانەوەیەک بۆ پشتگوێخستنی رۆڵی *پەیوەندییە بان نەتەوەییەکان* (transnational relations) لە لایەن ریالیستەکانەوە. باسی ئەم شەپۆلە و کاریگەری و لێکەوتەکانی بکە لە لێکۆڵینەوە ئاسایشییەکاندا؟

81. ئەم رستەیە روون بکەوە: نیولیبڕالەکان لەگەڵ نیوریالیستەکان ناکۆکن لەسەر ئەوەی وڵاتەکان چۆن لە بەرژەوەندییەکانیان تێدەگەن.

82. بنەماکان و پەیوەندی نێوان لیبڕالیزمی دامەزراوەیی LIBERAL INSTITUTIONALISM و ڕژێمە نێونەتەوەییەکان INTERNATIONAL REGIMES بخەروو؟

83. لیبڕاڵە دامەزراوەییەکان وەکو نیوریالیستەکان هاوڕان لەسەر رۆڵی دەوڵەت و هەل و مەرجە ئەنارکییەکانی سیستەمی نێونەتەوەیی، بەڵام جیاوازیان لە چیدایە؟

٨٤. رەخنەی نیوریالیستەکان لە نیولیبڕالەکان بە تایبەت لە پرسی هەماهەنگی و پشت بەیەک بەستنی ئابووریی دەکرێت لە چەند خاڵێکدا کوورت بکرێتەوە، ئەو خاڵانە بخەروو؟

85. رەخنە دیارەکانی سەر تیۆری لیبڕالیزم بە چەند خاڵێک باس بکە؟

86. "رۆبێرت ماندل" پێیوایە کە هەرچەندە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی لەپاش جەنگی ساردا وێکچوونی لەگەڵ پێش خۆی هەیە، بەڵام لە چوار پرس و بابەتدا جیاوازە، ئەم جیاوازیانە کامانەن؟

87. پۆست-پۆزەتیڤیزم روانگەیەکی رەخنەگرانەیە لە دژی گریمانەکانی پۆزەتیڤیزم. پۆست-پۆزەتیڤیزم، رووونی بکەوە؟

88. لە ڕوانگەی پۆست پۆزێتیڤیزم(Post Positivism) یاخود پاش-ئەزموونگەرایی(Post Empiricism) واقعییەتی عەینی بوونی نییە کە بتواندرێت لە ڕێگەی عەقڵانییەت و بەڵگەهێنانەوە بدۆزرێتەوە، ئەمە باس بکە ؟

89. روانگەی پۆست پۆزێتیڤیزم ئاماژەیە بە کۆمەڵە تیۆرییەك لە ڕووی بوونناسی و مەعریفەناسییەوە لە هەمبەر تیۆرییەکانی پۆزێتیڤیستی. ئەو روانگەیانە کامانەن؟

90. بنەما مەعریفەناسییەکانی پۆست پۆزێتیڤیزم کامانەن؟ شرۆڤەیان بکە.

91. لە گوتاری پۆست مۆدێرنەکاندا بە شێوەیەکی گشتی، ئاسایش بەپێچەوانەی ڕوانگەی پۆزێتیڤیستەکان کە بابەتێکی مادی و عەینییە و لە ڕوانگەی مۆدێرنیستەکان زەینی و عەینییە، لە ڕوانگەی پۆست پۆزێتیڤیستەکاندا زەینی- زەمەنییە، واتا زەینی-رێژەییە. ئەمە بە چ واتایەکە؟

92. دەکرێت بڵێین ئاسایشی پۆست مۆدێرن هەوڵدەدات خودی ئاسایش بە نائاسایشی بکات. ئەمە روون بکەوە؟

93. بونیاتی کۆمەڵایەتی لە پۆست پۆزێتیڤیزمدا پێگەیەکی ناوەندی هەیە. باسی بکە؟

94. پۆست مۆدێرنەکان گوتاری مۆدێرنیتە لەبارەی ئاسایش دەخەنە بەر ڕەخنەوە. ئەو رەخنانە کامانەن و چین؟

95. دیاردەی بەجیهانیبوون چی پەیوەندییەکی بە پرسەکانی ئاسایشی نەتەوەیییەوە هەیە؟
96. بەجیهانیببون بە چەندین مانا بەکار دێت، ئەو مانایانە کامانەن بیانخەروو؟
97. بەگشتی سێ ڕوانگە بۆ کاریگەریی بەجیهانیبوون لەسەر پرسی سەروەریی دەوڵەتی مۆدێرن دا هەیە، ئەو سێ روانگەیە بخەروو؟
98. بزوتنەوە نوێیە کۆمەڵایەتییەکان وەکوو بزوتنەوەی ژنان، بزتنەوەی مافی مرۆڤ، رەش پێستەکان و ژینگە و بزوتنەوەی دژایەتی لەگەڵ بڵاوبووونەوەی چەکی کۆکوژ و ئەتۆمی و ...هتد، کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەیە. ئەم کاریگەریانە چین باسیان بکە؟
99. "جێمز ڕۆزێناو"(James N. Rosenau) پێیوایە کە بەجیهانیبوونی زانیاری دەبێتە هۆی فرەیی لە بوارەکانی دەسەڵاتدارییەتی و گرفت و کێشە بۆ سەروەری و ئاسایشی جیهانی دروستدەکات. ئەمە زیاتر شرۆڤە بکە؟
100. ئاسایش لە سەدەی بیست و یەکەدا چەندین بوار و هەرشە و مەترسی لەشکری و نالەشکری لەخۆگرتووە. چوند نموویەکی گرنگ بخەروو و ئاماژەیان پێبدە؟
101. تیرۆریزم و تاوانە رێکخراوەکان چی کاریگەرییەکیان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتان هەیە؟
102. بەگشتی دەتوانین بڵێین کە دیموکراسی دەتوانێت ڕۆڵی کاریگەری هەبێت لە چارەسەرکردنی تیرۆر، ئەمە بەچ شێوازێک دەبێت؟ باسی بکە؟
103. باشترین ڕێگە بۆ بەرەنگاربوونەوە و لەناوبردنی تیرۆر، بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی دیموکراسیە، ئەم بیرۆکە یاخود روانگەیە دەوڵەمەند بکە بە چەند بەڵگە و ئەرگیۆمێنتێک؟
104. ئەم رستەیە درێژە پێبدە و پڕی بکەوە: "دۆناڵد هێنڵ"(Donald J. Hanle) کتێبی (تیرۆریزم: فۆرمی نوێی جەنگ) دا پێناسەی تیرۆریزم دەکات و دەڵێت:.....
105. لە سەردەمی ئێستادا تیرۆریزمی ناسنامەیی یاخود ئایینی و مەزهەبی وەکو هەڕەشەیکی نوێی ئاسایشی دەخەنەڕوو، باسی بکە؟
106. پەیوەندی نێوان ئاسایشی سایبەری و چەنگی سایبەری لەگەڵ ئاسایشی نەتەوەیی چییە و چۆن؟
١٠٧. بوار و فەزای سایبەری چەندین سیما و تایبەتمەندی هەیە کە دەتوانین بەم شێوەیە پۆلینیان بکەین: باسی بکە و بیانخەروو.
١٠٨. ئەکتەرە دەوڵەتی و نا-دەوڵەتییەکان فەزای سایبەری بەکاردێنن تاوەکو بە ئامانجە کۆمەڵایەتی، ئایدیۆلۆژیایی، سیاسی و لەشکری و دارایی و..هتد، لە جیهانی ڕاستەقینەدا بگەن، ئەمەش بە شێواز جۆراوجۆر دەکرێت. بۆیە لێرەدا

دەتوانین ئاماژە بە هەڕەشە و مەترسییە ئاسایشییە سایبەرییەکان بکەین، لە ڕوانگەی تیۆرِی بەجیهانیبوون. ئاماژە بەم هەڕەشە و مەترسیانە بکە؟

109. پیسبوونی ژینگە و گۆڕانی کەش و هەوا چ کاریگەرییەکی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەیە و چۆن و بەچ شێوەیەک؟

110. کۆچ و هەژاری و نەخۆشییە گوازراوەکان چ پەیوەندییەکیان لەگەڵ ئاسایشی نەتەوەیی هەیە؟

111. بنەما سەرەکییەکانی *تیۆری پۆست-کۆلۆنیالیزم(قوتابخانەی ئاسایشی جیهانی سێیەم) بخەروو و باسیان بکە؟*

112. *باس لە ڕوانگەی قوتابخانەی ئینگلیزی سەبارەت بە پرسی ئاسایش بکە؟*

113. ئاسایشی و پرسەکانی لە روانگەی تیۆری سەوز بخەروو؟

114. ئاسایشی نەتەوەیی لە روانگەی قوتابخانەی وێلز(قوتابخانەی ئەبریستویت) چ واتایەکی هەیە؟ بنەما سەرەکییەکانی ئەم قوتابخانەیە باس بکە؟

115. بنەما سەرەکییەکانی فیمینیزم وەک روانگەیەکی تیۆری رەخنەیی ئاسایش باس بکە و پاشان جیاوازی لەگەڵ تیۆرەکانی دیکە بخەروو؟